پاش ئەوەی ماوەی چەند ساڵێکە خوێندنی باڵا بۆ بواری دکتۆرا بە ڕووی فێرخوازاندا ڕاگیرابوو ، بۆ ئەمساڵی خوێندنی ( 2015-2016 ) بە فەرمانێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پلانی خوێندنی دکتورا بۆ زانکۆکانی کوردستان ڕاگەیەندرا ،کە چەند مەرج و ڕێنماییەکی نوێی لە خۆ گرتووە ، بە پێیی مەرجە نوێیەکان هەربەشێکی زانستی دەبێت لایەنی کەم پرۆفیسۆرێك و سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر میلاکی خودی ئەو بەشەبن ، ئەگەرنا ، ئەو بەشە زانستییە ناتوانێت فێرخواز وەربگرێت.

هەر بۆ ئەم مەبەستە ( پ.د. **خەسرەو عبدلله** ) جێگری سەرۆکی زانکۆی سلیمانی بۆ کاروباری خوێندنی باڵا تایبەت بە وێبگەکەمان وتی :

خۆشبەختانە بەشی هەرەزۆری بەشە زانستییەکان ی زانکۆ کەمان ئەم مەرجانەی تێدایە و هیچ گرفتێکیان نییە ، لە بەرامبەردا چەند بەشێکی زۆر کەم ئەم مەرجانەی تێدا نییە ، لە ئێستاشدا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەش لە هەوڵی ئەوەداین هاوکاری دروست بکەین لە نێوان ئەو بەشە زانستیانەی کە تایبە تمەندییەکانیان هاوتای یەکترن یان لەیەکتر زۆر نزیکن .

ئامانج لە ڕێنمایی نوێ بۆ خوازیارانی خوێندنی دکتورا ، خزمەتکردنە بە بەرزکردنەوە و پێشخستنی کوالیتی ئاستی زانستی مامۆستایان و زانکۆکان لە ڕێگەی مەرجی تایبەت کە دانراوە بۆ پێشکەشکردنی خوێندنی دکتورا ،زیاتر جەخت دەکاتە سەر بوونی توێژینەوەی زانستی و بەرزکردنەوەی ئاستی زمانی ئینگلیزی و چالاکی مامۆستایان لە بەشداری کردنیان لە سیمینارو ۆرکشۆپی زانستی و بڵاوکردنەوەی بابەتە ئەکادیمیەکانیان هەروەها بەردەوام لە هەوڵی ڕێنمایی نوێ و زانستی بۆ خزمەتکردنی ئەم پرۆسەیە دەکرێت.

هەر لە پێناو ئەم ئەرکەشدا لەم ساڵی خوێندندا کورسی خوێندن دابینکراوە تەنها بۆ فەرمانبەران و مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەمەبەستی زیاتر بەرزکردنەوەی پلەی زانستی مامۆستایان و پێشکەوتنی زیاتری زانکۆکانی هەرێم ، داواکردنی کورسی خوێندن لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پرۆپۆزەل دەبێت کە بە پێی پێویستی بەش و زانکۆ و بازاری کارو واقعی ئێستایە کە پێکهاتبێت لە توێژینەوەی نوێ و گرنگ لە بوارەکاندا ، ئەم پرۆپۆزەلانە پاش پەسەندکردنیان مافی هەموو خوازیارێکە کە مەرجی تەواوەتی تێدابێت بە پێی ڕێنمایەکان و گشتاندنی بۆ دەکرێت و منافەسەی لەسەر دەکرێت .
بە ڕێزیشی ئاماژەی دا بەوەی هەوڵدەدرێت سیستەمی وەرگرتنی دکتۆرا بەردەوام بێت و ساڵانە هەبێت و هەر بەش و سکولێك لە زانکۆکان هەرکاتێك توانای بەدەستهێنانی هەموو مەرجەکانی هەبێت دەتوانن داواکاری بۆ کردنەوەی خوێندنی باڵا / دکتورا بکەن .

شایەنی باسە زانکۆی سلیمانی بەیەکەم زانکۆی کوردستان دادەنرێت و بە ( زانکۆی دایك ) ناسراوە ، لە ئێستادا نزیکەی ( سەد ) بەشی زانستی هەیە لە زۆربەی بوارە زانست و مرۆییەکاندا.